### دیمانەیەک دوای کۆچی دوایی بڵاودەکرێتەوە
### هونەرمەند جەمال جەلال:

# تابلۆی (بووکی عێراق)مان گۆڕی بۆ (بووکی کوردستان) و لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەشمان کرد

**هونەرمەند موزیکژەن و گۆرانیبێژ جەمال جەلال ساڵی ١٩٤٢ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. کوڕی قادر ئاغای عەتارە کە کەسایەتییەکی رۆشنبیری ناسراوی شاری سلێمانی و خاوەنی یەکەم کتێبخانەیە لەو شارە، جگە لە ئاوازدنان گۆرانی وتووە و کاری نواندنیشی کردووە، رۆژی ٢٠١٦/٨/٢٠ کۆچی دوایی کرد. ئەم دیمانەیە چەند مانگێک بەر لە کۆچی دوایی مامۆستا جەمال دەربارەی چەند وێستگەیەکی ژیانی هونەریی کۆچکردوو ئەنجامدرا.**

**ئامادەکردنی/ زیاد کەریم**

*** ساڵی ١٩٥٨ چویتە (کۆمەڵەی مۆسیقارانی عێراقی) لەوێ سوودت لە کێ بینی؟**

- دوای شۆڕشی ١٤ ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، لەو کات کۆمەڵەی مۆسیقارانی عێراقی هەبوو، پێشەنگەکانی مۆسیقای عێراقی تێدا بوو، لەوانە:(مونیر بەشیر-ئەحمەد خەلیل- جەمیل بەشیر-غانم حەداد) منیش تازە هاتبوومە ناو گۆرانی و مۆسیقا، دەمویست لێیانەوە فێری مۆسیقا بم، بۆیە پێوەندیم پێیانەوە کرد، تا زیاتر لە مۆسیقا تێبگەم و بزانم ئاواز چۆن دادەنرێ، ئیتر بووم بە هاوڕێیان و سوودی زۆرم لێ بینین.

*** لە ساڵی ١٩٦٣ چویتە تەلەفزیۆنی بەغدا لەوێ پرۆگرامێکت پێشکەشکرد بە ناوی (ئاوازێ لەباکور-ئاوازێ لە کوردستان) ئەم پرۆگرامە چی بوو؟**

_ من و دکتۆرە (بەلقیس) کە ناوی خۆی (ژیان ئەحمەد)ـە ئەو پرۆگرامەمان بەیەکەوە پێشکەش دەکرد، پرۆگرامەکە تایبەت بوو بە مۆسیقاو گۆرانی کوردی، بیرم دێ ئەو کات بەو ئیمکانیەتە کەمە شتی زۆر جوانمان پێشکەش دەکرد، کەرەتێکیان گۆرانییەکە وای دەخواست کە کانی بۆ دروست بکەین، تەشتێکمان هێنا پڕمان کرد لە ئاو و چواردەوریمان بە قوڕ سواغ داو هەندێ بەردمان هێناو دروستمان کرد، زۆر رۆژنامە لەسەر ئەم بەرنامەیان نووسی، بەرپرسی بەشی عەرەبی بە ستافی ئەو بەشەی گوتبوو، بۆ وەک ئەو گەنجە کوردانە ناتوانن بەرنامەیەکی ئاوا پێشکەش بکەن، ئەو کات بینەرێکی زۆرمان هەبوو، دکتۆرە بەلقیسیش کچێکی گەنجی جوان بوو، بەرنامەکەی جوانتر کردبوو.

*** دوای دەرچوونت لەپەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا، بوویتە بەرپرسی تیپی هونەرە میللییەکان، گەر باسی ئەو تیپەمان بۆ بکەی؟**

- دوای دەرچوونمان لە پەیمانگا، دەبوایە ببین بە مامۆستای هونەر لە یەکێ لە قوتابخانەکان، ئەوە بوو خوالێخۆشبوو(حەقی شبلی) پێشەنگی شانۆی عێراقی ئێمەی بردە (تیپی هونەرە میللییەکان) لەبەغدا، کە ئەو کات تیپی (رەشید)یان پێ دەگوت، لەو تیپە گروپێکیان بۆ شانۆ دانا کە خوالێخۆشبوو (سەفوەت جەڕاح) کرا بە بەڕێوەبەر، ئەوکات (قاسم مەلاک-یوسف ئەلعانی) زۆر لە شانۆکارە ناسراوەکان لەوێ ئەندام بوون، گروپێکی تر دانرا بە ناوی (سەمای میللی) کە دواتر لقێکی لێ کرایەوە لەهەولێر، بەناوی تیپی هونەرە میللییەکان تا ئێستاش ماوە، من سەرەتا بە ژەنیاری عود دامەزرام، سەیرم کرد هەموو تابلۆکان بە عەرەبییە، بە مامۆستا (حەقی)م ووت، مامۆستا ئەبێ ئەو تیپە تابلۆی کوردیشی تێدابێ. وتی: کوا؟ ئێمە ئەمانەوێ، ئیوە دەوڵەمەندترین کەلتوور و فەرهەنگتان هەیە کەی دەست پێبکەن؟ هاتمەوە سلێمانی و کارم لەسەر کرد، ئەوە بوو بەڕێز (قادر کوردی)یان لەسلێمانی تەنسیب کرد لەو تیپە، چەندین تابلۆی کوردیمان دانا، ئەو هەڵپەڕکێکەی دروست دەکرد، منیش ئاوازەکەم دادەنا، چەندین تابلۆشمان بردە دەرەوەی وڵات. ئیتر من بووم بە بەڕێوەبەری ئەو تیپە.

*** تابلۆی (سەیران) کە بەدەنگی هونەرمەندی کۆچکردوو (جەلال سەعید) وتراوە، هی ئەو کاتە بوو؟**

- بەڵێ، دوای ئەوەی بووم بە بەڕێوەبەری ئەو تیپە، هاتم بۆ هەولێر، مۆسیقایەکم بۆ ئامادەکردن کە بەدەنگی خوالێخۆشبوو(جەلال سەعید) وترا، کە دەنگدانەوەیەکی باشی



هەبوو، دواتر چومە(بەسرە) لەوێش مۆسیقای تابلۆیەکم بۆ ئامادەکردن.

*** لەگەڵ ئەم تیپە زیاتر لە ٥٠ وڵات گەڕاون و تابلۆتان لێ پێشکەش کردووە، لە ئیتالیا بە تابلۆی (بووکی عێراق) پلەی یەکەمتان بەدەست هێنا، دواتر ناوی تابلۆکەتان گۆڕی بۆ (بووکی کوردستان) ئەمە چۆن بوو؟**

- ئەم تابلۆیە من مۆسیقاکەم بۆی داناوە و راهینەری لوبنانی(جۆزیف خوری) راهێنانی پێکردبوون، لە فیستیڤاڵی (ئەگریجینتۆ) لە ئیتالیا پێشکەش کرا. سەرەتا داوایان لێکردم مۆسیقایەک دابنێم بۆ ئەم تابلۆیە کە گوزارشت لە هەموو عێراق بکات، منیش دامنا لە کۆتایی تابلۆکە بووکێک دێت و بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێدەکرێت، ئەو بووکەمان کردە کوردستان، مۆسیقاکەم بۆی دانا و بە جلی کوردی و ئاوازێکی کوردی ، ئەوە بوو ناوی تابلۆکە لە (بووکی عێراق) کرا بە (بووکی کوردستان) و خەڵاتی یەکەم بەر ئەو تابلۆیە کەوت، رۆژێکی تا بڵێی خۆش و مێژوویی بوو، دواتر بانگهێشتی ئەمریکا کراین لە بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان جارێکی تر پێشکەشمان کرد لەسەر داوای (عسمەت کنتانی) سەرۆکی ئەو کاتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە یۆبیلی زێڕین نمایشمان کرد، بووە جێگای خۆشحاڵی ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان.

*** ئاوازت بۆ زۆر لە هونەرمەندە دیارەکانی کوردستان و عەرەب داناوە، پێمان باشە رۆشناییان بخەیتەسەر؟**

- راستە ئاوازم بۆ زۆریان داناوە لە کوردەکان (فوئاد ئەحمەد- عەبدوڵا دڵسۆز- گولبەهار- د.بەلقیس- عەلی عەزیز- فەخری بامەنی) لە عەرەبەکانیش( مائیدە نەزهەت- ئەمەل خزەیر- محەمەد عەرەبی باوکی گۆرانیبێژی ناودار رامی عەیاش- محەمەد و سەوسەن) .

*** دوو ئاوازت بۆ هونەرمەندی ناسراوی عەرەب (مائیدە نەزهەت) داناوە، یەکێک لەوانە گۆرانی (انا المحروم) ، تۆ ئاوازەکەت پێشکەشی کرد، یان خۆی داوای لێکردی؟**

- من میوزیکژەنێکی کورد بووم، بەڵام زۆر گوێم لە مۆسیقای عەرەبی دەگرت، کە لە ئێزگەی کوردی بووم، حەزم دەکرد جگە لە هونەرمەندە کوردەکان ئاواز بۆ هونەرمەندە عەربەکانیش دابنێم، لەوانە بۆ مائیدە ، چونکە مائیدە وەک (وەردە جەزائیری) وابوو، بڕوا بکە واستەم کرد بەس بۆ ئەوەی گوێ لە کاسێتەکە بگرێ، دوای ئەوەی لە ماڵەوە بە عود تۆمارم کرد و بۆیم نارد و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی خۆمم نووسی، سەرەتا قبووڵی نەکردبوو، وەری گرێت، دواتر لەرێگەی ژەنیارێکی خۆی گەیاندمە دەستی، بۆ بەیانی لە ماڵەوە بووم تەلەفۆن لێیدا، خێزانەکەم هەڵی گرت، بانگی کردم گوتی مائیدە تۆی ئەوێ، کە قسەم لەگەڵی کرد، گوتی: بەس پێم بڵێ ئەو ئاوازەت چۆن دانا، ماشەڵڵات لێ بێ کوڕێکی کوردی خاوەن هەستێکی هونەری جوانی، گوتی: ئاوازی تریشم ئەوێ، ئەوەبوو دوای (انا المحروم) ئاوازی گورانی (تبتسم لی وتبتسم لک)شم بۆی دانا.





## سامان شەوکەت بە (ل

دوای دوو ساڵ دابڕان و دووركەوتنەوە لە پێشكەش كردنی هیچ بەرهەمێك، جارێكی دیكە هونەرمەندی لاو سامان شەوكەت بەرهەمێكی نوێ پێشكەش بە هەوادارانی دەنگ و هونەری خۆی دەكات كە بە شێوەزاری سۆرانییە.

لەم بارەیەوە سامان بە گوڵانی ڕاگەیاند: بە هۆی بارودۆخی ئێستای كوردستان ماوەی دوو ساڵە هیچ كارێكی نوێم پێشكەش نەكردبوو و خۆیشم هەستم بەو دابڕانە دەكرد،بۆیە بڕیارمدا بەرهەمێكی نوێ پێشكەش بە جەماوەرەكەم بكەم بریتییە لە گۆرانییەكی سنگڵ بە شێوەزاری سۆرانی، ئەم گۆرانییە بە ناوی (لێمگەڕێ) یە كە لە تێكست و ئاوازی خۆمە و كاری دەنگیشی لە وڵاتی ئەڵمانیا ئەنجامدراوە، ئەم گۆرانییە بە ڕیتمی خێرایە و یەكێكە لە گۆرانییەكانی ئەلبوومە تازەكەم.

سامان ئەوەشی ڕاگەیاند كە گۆرانییەكەی بە كلیپیش تۆمار كردووە لە وڵاتی كرواتیا لە لایەن گروپێكی



### فاتیمە غەدان:

# هونەر و نمایشكاری جلوبەرگ و شاجوان پەیوەندییان پێكەوە هەیە

فاتیمە غەدان لە ساڵی ١٩٩٧ لە شاری مهابادی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دایك بووە لە تەمەنی ٨ ساڵیەوە ڕووی لە ئەوروپا كردووە و لە وڵاتی نەرویج گیرساونەتەوە، خولیای بەشداری كردنی لە پێشبڕكێكانی شاجوانی هەبوو بۆیە و یەكێك بووە لە پاڵێوراوان بۆ شاجوانی وڵاتی نەرویج، دوای بەشداری كردنی لە هەڵبژادنی شاجوانی وڵاتی نەرویج حەزەكانی فاتیما سنووری ئەورووپای بەزاند و گەیشتە ئاستی جیهان.

دەربارەی پێشبڕكێی شاجوانی دەڵێ : من خولیای هونەر و نمایشكاریی جلوبەرگم ئەمانەش پێوەندییەكی ڕاستەوخۆیان بە شاجوانییەوە هەیە، بەڵام پێشبڕكێی شاجوانی چەند ڕێنماییەكی تایبەتی هەیە پێویستە جێبەجێ بكرێن.

لە بارەی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبنەوە فاتیما دەڵێ:هەرچەندە لە ئەوروپا دەژین، بەڵام ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بۆتەوە سەرەتا دایك و باوكم بە هیچ شێوەیەك ڕازی نەبوون بەشداری لەم پێشبڕكێیەدا بكەم و ڕەتیان كردەوە، بەڵام من بەردەوام دەبم و هەموو هەوڵێك دەدەم بۆ ئەوەی خەون و ئارەزووەكانم و زۆر گوێ بە ڕەخنە نادەم، چونكە ئەگەر هەر خەریكی وەڵامدانەوەی ڕەخنەكان بین ژیان هەموو دەرواتت بە ئەوەی بتوانین بچووكترین خزمەت بكەین.

فاتیما ئاماژەی بەوە كرد كە تا ئێستا لە هیچ لایەنێك و هیچ كەسێك هاوكاری ماددی نەكراوە بۆ بەشداری كردن لەو پێشبڕكیانە، بەڵكو هەموو خەرجییەكانی لە ئەستۆی خۆیەتی بۆیە ناچارە كار بكات تاكو بتوانێت بەردەوام بێت، هەرچەندە بەشداری كردنەكەشی بە ناوی كوردەوە بووە و هیواخوازە كە لە ئاییندەدا هاوكاری بكرێت و سپۆنسەر بۆ كارەكانی بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی ئەركی سووكتر بێت.

## ــــــــــێمگەرێ ) دەگەڕێتەوە

پرۆفیشناڵی ئەوروپی و لە دەرهێنانی هێمن ئەحمەد کۆییە و دوای ماندووبوونێکی زۆر لە رۆژانی داهاتوو دێتە بەر دیدی بینەر و جەماوەرەکەم و هیوادارم جێگای رەزامەندییان بێت و قەرەبووی ئەو دوو ساڵەی بێ بەرهەمیم بکاتەوە، چونکە ئەم گۆرانییە بە تەواوی جیاوازە لە کارەکانی پێشووم.
هونەرمەندی لاو سامان شەوکەت ئێستا لە ئەوروپا نیشتەجێیە و تا ئێستا چەندین بەرهەم و کلیپی پێشکەش کردووە.



### ئەلیکساندرا:
## کاری گەورەترم بەڕێوەیە

ئەلیکساندرا دادریۆی پاڵەوانی فیلمی (San Andreas) کە یەکێك بوو لە فیلمە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠١٦ بەتایبەتی لە رووی بازرگانییەوە، ئێستا لە خۆ ئامادە کردندایە بۆ بەشداری کردن لە چەند فیلمێکی دیکە و پێشبینی دەکات هەمان سەرکەوتنی ئەو فیلمە بەدەست بهێنێت.
لە بارەی فیلمی (San Andreas) ئەلیکساندرا: ئەم فیلمە یەکێکە لە کارە گرنگەکانی من و رۆڵی من تێیدا سەرەکی بوو و منیش بە شایەدی دەرهێنەر و بەشداربووانی فیلمەکە توانیم تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بم و بە خاڵێکی وەرچەرخانی دەزانم لە ژیانی هونەری خۆمدا، چونکە فیلمەکە خۆی سەرنجڕاکێش بوو.
لە بارەی کارەکانی داهاتووی ئەلیکساندرا دەڵێ: بێگومان ئەو سەرکەوتنەی فیلمی (San Andreas) بە دەستیهێنا تەنیا بۆ من نەگەڕێتەوە، بەڵکو تەواوی ستافی فیلمەکە رۆڵێکی سەرەکییان هەبوو، بەڵام ئەمە ئەرکی منی قورستر کردووە، چونکە من یەکێك بووم لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی فیلمەکە، بۆیە پێویستە لە کارەکانی داهاتووم زیاتر خۆم ماندوو بکەم بۆ ئەوەی باشتر بێت و بەڵێنیش بە جەماوەر دەدەم.
شایەنی باسە کە فیلمی (San Andreas) لە دەرهێنانی براد بیتۆن و لە پاڵەوانیەتی کۆلتون هاینزر، کارلا جوجینە، ئەلیکساندرا داداریو، دواین جۆنس، کیلی ماینۆگ و تەنیا لە هەفتەی یەکەمی نمایش کردنیدا نزیکەی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری کۆکردەوە لە کاتێکی بودجەی گشتی فیلمەکە ١١٠ ملیۆن دۆلار بوو.





## عەفاف:

# جەماوەر پێویستی بە فیلمێکە کە گوزارشت لە ژیانی بکات

**• لە وڵاتانی جیهانی سێیەم جەماوەر تا چەند بایەخ بە هونەر و سینەما دەدات و پێویستییەکەی چییە؟**

- ناتوانین بڵێین تەنیا لە وڵاتانی هاوشێوەی ئێمە جەماوەری سینەما پێویستی بە شتێکی دیاریکراوە، چونکە جەماوەر لە هەر شوێنێك بێت پێویستە بەوەیە سینەما گوزارشت لە شتێك بکات کە بۆ ئەو پێویستە یاخود بە دوای چارەسەریدا بگەڕێت، رەنگە گرفت و کێشە و داخوازییەکانی ئێمە لەگەڵ کەسێکی ئەورووپی یاخود ژاپۆنی بە هۆی جیاوازی کەلتوورەکەمان جیاواز بێت، بەڵام هەردوو لامان پێویستمان بەوەیە کە سینەما رەنگدانەوەی ئەو داخوازییانە بێت.

**• کەواتە جەماوەری سینەما ئێستا روو لە کەمبوونە ئەگەر هۆکارەکەی چییە؟**

- بەر لە ٢٠-٣٠ ساڵ هیچ بەدیلێك نەبوو بۆ سینەما و سینەماش تاکە هۆکار بوو بینەر بتوانێت هەناسەیەکی تێدا بکێشێت، بەڵام ئێستا پێچەوانە بۆتەوە، ئەگەر نەچی بۆ سینەما هۆکار و شێوازی دیکە هەن کە کاتی خۆتی پێ بەسەر بەریت، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەم بۆ کرد کەلتووری سینەما بۆ نەوە دوای نەوە لە پاشەکشێدایە، ئەو کاتە بەسەرچوو کە دایك و باوك هەفتانە منداڵەکانیان بۆ سینەما دەبرد.

**• هونەرمەند چۆن دەتوانێت پەیامی خۆی بگەیەنێت؟**

-خودی ئەکتەر پێویستە هەڵقوڵاوی ناخی ئەو جەماوەرە بێت کە کارەکەی پێشکەشی دەکات، یاخود بتوانێت دەربڕی خەم و ئازارەکانی ئەم جەماوەرە بێت و بە جیهانی دەرەوە، یاخود لایەنە پەیوەندیدارەکانی بگەیەنێت بۆ چارەسەر کردنی بابەتێکی دیاریکراو، دەبێ سەرەتا گوزارشت لە بابەتێك بکات و بە ئەمانەتەوە بیخاتەڕوو، و ئەگەر ئەکتەر لە نێو ئەو ژینگەیە ژیا بێت کە فیلمەکە باسی دەکات، ئەوا دەتوانێت وەکو خۆی بابەتەکە بخاتەڕوو و جەماوەریش زیاتر خۆی لەو جۆرە کارانەدا دەبینێتەوە، بۆیە لە رووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو دەبن.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە رووبەڕوویان بوویتەوە و پێشبینی دەکەی لە داهاتوودا دووبارە ببنەوە؟**

- بێگومان ئاستەنگ و بەربەست زۆر کە لە رێگری و ئاستەنگەکانی کۆمەڵگە و دابونەریتە باوەکان، تا دەگاتە ئەو ئاستەنگانەی کە خودی بەشێك لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر دەبینێتەوە کە بۆ سینەماکارە لاوەکان دروست دەبێت، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و پێشبینی دەکەم ئەم ئاستەنگانە بەردەوام بن، بەڵام مرۆڤ پێویستە لە هەوڵەکانی بەردەوام بێت و گوێ بە ئاستەنگەکان نەدات و لە ئایندە بڕوانێت.





**لە وڵاتی مەغریب گرنگییەکی زۆر بە هونەرمەندە لاوەکان دەدرێت لە هەموو بوارەکان، بۆیە پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان بەردەوام ئەکتەری بە توانای لێ هەڵدەکەوێت کە توانیویانە سوود لەو ئازادییە سنووردارە وەربگرن کە لەو وڵاتە هەیە، چونکە سەرەڕای ئەو ئازادییە و نزیک بوونیان بە کەلتووری رۆژهەڵاتی بەتایبەتی کەلتووری فەرەنسی، دابونەریت تا رادەیەک زاڵە بەسەر بیرکردنەوەی میللەتەکەیان عەفاف ئەزتوتی یەکێکە لەو هونەرمەندە مەغریبیانەی کە لە شانۆ و سینەمادا ئامادەبوونێکی بەرچاوی هەیە، لە هەمان کاتدا نمایشکاری جلوبەرگیشە و لەوێوە رووی لە سینەما کردووە و توانیویەتی بەشداری لە چەند کارێکی سینەماییدا بکات و تێیدا سەرکەوتوو بێت، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی عەفاف کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**

*** هەر کارێکی سینەمایی پەیامێکی دیاریکراوی هەیە کە هەوڵی بۆ دەدات، ئایا سینەمای مەغریبی لە پێکاندنی ئامانجەکانی سەرکەوتوو بووە؟**

- سینەماکاران بەردەوامن لە کارکردن و پێشکەشکردنی کاری نوێ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی دەستخۆشییە، بەڵام ناتوانم بڵێم سەد لە سەد ئامانجەکەی پێکاوە، راستە سینەمای مەغریبی توانیویەتی بوون و شوناسی خۆی دەربخات و ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانی بەدەست بهێنیت، بە جۆرێك کە شایەنی تێڕامان بێت لە رێگەی هەندێك لە فیلمەکانی کە بابەتی کۆمەڵایەتی واقعی چارەسەر کردووە و لە پلەی یەکەم دێت لە خستنەڕووی ئەوە بابەتانەی کە بۆ ئاشکراکردنیان جورئەتێکی زۆریان پێویست بوو، بەڵام ئێستا لە بواری هونەری سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە، هەروەها رەزامەندی بینەریشی بەدەستهێناوە، چونکە بژێوی و واقعی تاڵی ژیان و ئەو کەلێنە کپکراوانەی لە ژیانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەیە، دەخاتەڕوو، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هێشتا سینەمای مەغریبی هەموو ئامانجەکانی نەپێکاوە، لەوانەش کۆکردنەوەی زۆرترین بینەر.

*** مەغریب یەکێك لەو وڵاتانەی کە لە بواری هونەری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە لە بواری سینەما و شانۆ و گۆرانی، بەڵام ئایا هونەرمەندان رازین لە پێشوازیکردنی جەماوەر لە کارەکانیان و جەماوەر بۆتە هاندەری هونەرمەندان بۆ پێشکەشکردنی کاری باشتر؟**

- لێرەدا دەمەوێ شتێك روون بکەمەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەی کە لە جیهاندا روویانداوە و بەردەوامن، دەتوانم بڵێم ئەکتەران و سینەماکاران تا رادەیەکی زۆر لەو بوارەوە نیگەرانن، ئەمەش تا رادەیەك مافی خۆیانە، جاران واتە بەر لەوەی ئێمەش بێینە نێو بوارەکە دەگێڕنەوە کە سینەما پێداویستی و بەشێکی گرنگ بووە لە ژیانی خەڵك و هەفتانە خەڵك دەچوون بۆ بینینی نوێترین فیلمی سینەمایی، لە ئێستادا بارودۆخەکە تا رادەیەکی زۆر گۆڕاوە ، ئەمەش بە هۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و دەستکەوتنی نوێترین فیلمی جیهانی بە ئاسانی و بەکاتێکی زوودا دەستدەکەوێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئێستا ئەو فیلمانەی ورووژێنەرن، یاخود بە بەزاندنی سنووری دابونەریتەکانی کۆمەڵگە ناو دەبرێن، رەواجێکی زوریان هەبێت و لە ئەنجامدا نەوەیەك پەروەردە دەبێت کە لە گرنگی و ماهیەتی سینەما ناگەن.